# نوێژی ویتر ئەنجامبدەن، پێش ئەوەی بەیانیتان بە سەردا بێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نوێژی ویتر ئەنجامبدەن، پێش ئەوەی بەیانیتان بە سەردا بێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

نوێژی ویتر بەشێکە لە شەو نوێژکردن، کە کۆتایی بە شەو نوێژ ئەنجامدان دەهێندرێت بە ئەنجامدانی نوێژی ویتر کە ڕکاتێکە یان ئەگەر لە گەڵ دوو ڕکاتی تر ئەنجامبدرێت دەبێت بە سێ ڕکات، هەروەکو چۆن نوێژەکانی ڕۆژ کۆتایی پێدەهێندرێت بە نوێژی مەغریب کە ویتر وتاکە، بۆیە ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە کاتی نوێژی ویتر ئەنجامدەدرێت پێش دەرکەوتنی ئاسۆی بەیان -الفجر الصادق- کە کاتی بانگی بەیانییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11275

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee